عەبدوڵڵا سەمەدی

## دوایین شەوی پایز

لە ژێر سێبەری ڕەش و تاریکی باڵەکانی شەمشەمەکوێرەدا، چ گرانە لە تۆ بدوێم، لە ئەوین و جوانی .. بەڕاستی کە بەم شەوەم ئومێدەوار نیم و کوژانەوەی چرای ژیانی ئینسانەکان، لەم سەردەمەدا، لەکوژانەوەی شۆلەی لەرزۆکی شەمێکی بەر تۆفانی پایز هاسانترە، و من وەکی تاوانبارێك کە چەند هەنگاو پتر لە پەت دوور نییە، وام. کەچی لە ئەوینی تۆ دەدوێم، و ئەوە هێزی ئەوینی تۆ دەگەیەنێ و گەورەترین هۆی مانەوە و ڕاوەستانمە و ئومێدم دەداتێ .

ئەمشەو لە بێدەنگیی دوایین شەوی پایزا، و لە پاڵ گرفە و ئاگری هەوەڵ شەوی زستاندا لە گۆشەیەك، دەفتەری ئەوینی ڕابردووانم هەڵدەدایەوە، بەڵام نە نامەکانی *گۆتە* و *بێتهۆوێن* و *دانتە*، و نە ڕاز و نیازەکانی *لامارتین* و *شکسپیر* تاسەیان نەشکاندم و هیچیان قسەی دڵی من بۆ تۆیان نەکرد. ئاخر ئەوان قسەی خۆیان گوتووە و بە هەوای دڵی خۆیان فڕیون.

وەك چۆن *دانتە* بە *بێئاتریسی* خۆشەویستی دەڵێ: *هیچکەس بۆ من نابێتە تۆ!* ئاخر هیچ *بێئاتریسێکیش* بۆ من جێی تۆ ناگرێتەوە. چۆن تونیەتیم بە نامەی *دانتە* بۆ *بێئاتریس* بشکێ، کە نەمن دانتەم و نە تۆ *بێئاتریس* !

من بە دەستە لاوازەکانم، قسەی دڵی خۆمت بۆ دەنووسم. با سنووریش نەشکێنێ و بە مەڵبەندی دوورە دەست نەگا، خۆ وەکی کۆترێکی ماندوو لە گۆشەیەکی هەرێمی ئەوینی تۆدا جێگەی وچانێك وەدەست دێنێ و پشوویەك دەدا . . .